The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
*C.H.A.K*
www.chak.be

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
*CAK*
chak_org@yahoo.com

# هێرش و تۆپبارانی تورکیا بۆ باشوری کوردستان له قاو دەدەین

ئەمجارەشیان وەک گەلەکۆمەکییەکی داگیرکەرانی تورکیا و ئێران و بە چاوساغی ئەمریکاش شەوی دوێنێ کۆمەڵێک فڕۆکەی جەنگی تورکیا  چەند ناوچەیەکی جیا جیای باشوری کوردستانیان تۆپبارانکرد، هاوکات تۆپبارنی زەمینیش لە ناوچەکانی سەر سنوری تورکیا و ئێرانیش دەستی پێکردۆتەوە. بە داخەوە وەک دەردەکەوێت سەرەڕای زیانی ماڵیی زۆر لە دانیشتوانی مەدەنی ناوچەکە و روخاندنی پرد و خوێندنگە، چەندان شەهید و برینداریشیان هەیە  و بە سەدان خێزان بەم ساردوسەرمایە ماڵوحاڵیان بە جێهێشتوە و ئاوارە و بێلانە بوونە.

ئێمە لە کاتێکدا نارەزایی تەواوی خۆمان لەم هێرشە قێزەونە دەردەبڕین، ئەوەش ڕادەگەیەنین، کە ئەم هەڵمەتە ناجوامێرانەیەی حکومەتی تورکیا دژ بە گەلەکەمان، لەگەڵ هەموو یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکان و پەیماننامە جیهانییەکاندا ناکۆکە، هەروەها پێشێلکردنێکی ئاشکرای سەروەری وڵاتێکی ترە و بە هیچ جۆرێک لەگەڵ سیستەمی دیموکراتییەت نایەتەوە، هەرگیزیش قازانج بە چارەسەرکردنی سیاسییانەی کێشەکەمان لە باکوری کوردستاندا ناکات.

بۆیە داواکارین لە ڕای گشتی ناوچەکە و جیهان، بەتایبەت جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان، کە ئەم هێرش و پەلامارە نامەردانەیەی حکومەتی تورکیا لە قاو بدەن.

سەرکەوتوو بێت بزوتنەوەی هەقخوازی گەلی کوردستان...

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە جینۆساید و ئەنفالی کورد (چاک)
2007\12/16

www.chak.be
chak_org@yahoo.com